# کۆنفرانسی دوعا بۆ بەرگرتن بە کوشتنی ژنان

خەلکی سەرجەم شارەکانی کوردستان هاتونەتە مەیدان دژ بە کوشتنی دوعا. دوعا بیرهینەرەوەی کوشتنی ئەو هەزاران ژنەیە کە لە 16 ساڵی رابردوو لە کوردستاندا بونەتە قوربانی دەسەلاتی پیاوسالاری و کۆنەپەرستی . ئەم دەنگی نارەزایەتیەی ئێستا لەسەرجەم شارەکانی کوردستاندا شەپۆل دەدات پیویستە بەرەو بنەبرکردنی دیاردەی دزیۆی کوشتاری ژنان لە کوردستاندا بچیت. ئەمرۆ پیویستە ئەم هێزە جەماوەریە یەکگرتوو وریکخراو بکرێت تاکو بتوانێ فشار بێنێ بۆ دەسەلات بۆ گۆرینی قانون و بەرەسمی ناسینی مافەکانی ژنان و بەرگرتن بە کوشتنی ژنان.
ئیمە بانگەوازی سەرجەم ریکخراوەکانی ژنان و گروپ و کەسایتەیەکانی لایەنگری ماف وئازادی ژنان دەکەین کە پیکەوە بێین کاربکەین بۆ دانانی نەخشە و کاری هاوبەش بۆ کارکردن لەپیناو کۆتایی هینان بە کوشتنی ژناندا.
ئیمە کۆنفرانسی دوعا دەبەستین تاکو بۆچون و بیروراکانمان سەبارەت بەوەی چی بکەین بۆ کۆتایی هینان بە کوشتنی ژنان بخەینە ڕوو و گفتوگۆی لەسەر بکەین و هاوکات چەند ۆرك شۆپیك دابنیین بۆ یەکلاکردنەوەی چەند گروپیکی کار لەپیناو:

1- دانانی شیلتەری پاراستنی ژنان و دانانی ئۆفیسی بلاوکردنەوەی وشیاری سەبارەت بە چۆنیەتی بەرگرتن بە کوشتن و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان .
2- بەدەستەوە گرتنی کەیسی کوشتنی دوعا لەبەرامبەر دادگا و دەسەلاتدا و کارکردن بۆ پرسینەوە و سزادانی تاوانبارانی کوشتنی دوعا و کردنی کەیسی دوعا بەبنەمای قانونی بۆ پرسینەوە و سزادانی تاوانبارنی کوشتنی ژنان و کەیسەکانی کوشتنی ژنان.
3- دەستپیکردنی کەمپینیکی راگەیاندن بۆ بەرگری کردن لە ئازادی ژنان و کۆتایی هینان بە کوشتن و توندوتیژی بەرامبەر بەژنان.
4- ریکخستنی چالاکی جەماوەری وهونەری سەراسەری لە کوردستاندا سەبارەت بە کوشتنی ژنان.
5- دروستکردنی کۆمەڵەی دوعا و گروپەکانی لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا.
6- کۆمەلەی دوعا بەرەسمی بناسریت وەك لایەنیك کە کەیسی کوشتنی ژنان دەباتە دادگا وچاودێرە بەسەر دەسەلاتەوە کە پیویستیەکانی بەرگرتن بە کوشتنی ژنان دەبیت فەراهەم بکات.

## دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانسی دوعا

2007/05/10

tel: 07702137677
Email:asokamal@yahoo.com